کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 15:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**فەنا بونی هەستە گوڵم ... کانی هەڵەبجەیی**

ئەگەر هاتو ڕۆژێ خەیاڵی ڕۆشتن
دەستە شەکەتەکانی ژینمیان گرت
مەڵێ بۆ کوێ ئەڕۆی
چۆن دڵت دێ بەجێمبێڵی
زاری شیرینی ڕەقت مەخەرە گۆو
مەڵێ خۆشم ئەوێی
لەهەر کوێ بی سێبەری یادگاریەکان
بەرەو پیرم هەنگاو بە پاکانی ڕۆحت دەنێن
ئەگەر ڕۆژێ بڕیارم دا
هەواری عەشقت جێبێڵم
نەڵێی گەڵا و لق و پۆپی درەختەکان
لە بۆ مەرگی ئەم عیشقەمان
قژی خۆیان دەڕننەوە و
گوڵەکانیش ڕەش ئەپۆشن
ئەگەر ساتێ قەدەر هات و
گازی کردم و بۆ ئامێزی خۆیی بردم
نەکەی بێژی عەشق و خاک و چاوانی من
وەک مرەکەبە ڕەشەکەی پاندانەکەت
بەسەر باڵای دەست و پەنجەتدا دەگرین و
بەسەر شانی ڕەق و لاوازی پەڕە سپییەکتدا
فرمێسکی تەڕ دەبارێنن
ئەگەر هاتو تیشکەکانی ون بون
بۆلای خۆیان ڕاکێشیان کردم
نەواچی دوای ون بونت
خۆر بەڕوی فەنابوندا هەڵدێ و
مانگ لە ئاسمانی فەنابوندا دەدرەوشێتەوە و
ئەستێرەکان نیشاندەری ڕێگاکانی فەنابون دەبن
نەڵێی باران بە لێواری فەنابوندا دەتکێ و
بەفری ڕەش دەبارێ و
پاکانیشم ڕێی فەنابونێکی سەراباوی دەگرن
هۆ ئەسمەرێ
ئەم زەمەنە زەمەنێکە
فەنابون لە ناوچەوانی هەست نوسراوە و
زاری ڕاستی گرێ داوە و
تێیدا پەتێکی ئەستوری سێدارە
لە بۆ وەفا هەڵواسراوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمە زەمەنی فەنابونە گوڵم
ئەمە ئەو زەمەنەیە کە تێیدا
فەنابون بۆتە ئاوێتەی عیشق و
و وەرینی پەڕە ئاڵەکانی شادی
ئاوێنەی جوانی
خۆ ئەزانم گەر من ڕێگای ڕۆشتن نەگرم
تۆ بە کۆلانەکانی فەنابوندا بۆ وجودی من دەگەڕێی
چونکە ئەسمەر زۆر خورت پێش تۆ
بە شانەی عیشق، پرچی خاوی دڵی منیان داهانیوە
زۆر خورت پێش تۆ
گۆزەی سەر شانی منیان
بە کانی ئەوینی چاوەکانیان پڕ کردوە
کەچی هەمو داستانەکان
دوا وشەیان ماڵئاوا بوە و
مەنزڵگایان فەنابون بوە
ئاخر چی بکەم ئازیزەکەم
ئێستا تەنانەت مەرگیش
بە باڵای فەنابونا کفنەکەی دەگرێ
ئیتر لێم مەگرە گوڵم
گەرچی وەدوی ڕێگایەکدا وێڵ بم
بە فەنابونم بگەیەنێ
لە هەر ئاوێنەیەکدا بۆ ڕاستی ئەگەڕێم
هەموی ڕەش هەڵگەڕاوە
وەک دڵی بێ وەفا و خیانەت کەران
لە هەر ئاگرۆکێکدا بەدوای ویژداندا دەگەڕێم
بەو هیوایەی لە سوتاندن ڕزگاری کەم
ئەبینم بۆتە چنگێ خۆڵەمێش و
لەگەڵ (با) دا سەما دەکات
لە ڕوخساری هەر کەسێ ئەنوارم
بە هیوای دیتنی نورێک
دوکەڵی تاوان و درۆی لێ دەبارێ
گوێ بۆ هەر دەنگێ هەڵدەخەم
بۆ بیستنی ئاوازێکی وەفا
کەچی هەرچی نۆتەکانە ئامرازێکن
لەبۆ خیانەت و
فە.... نا... بوو.... ن
بەڵێ فەنابون

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تۆ سەیرکە گوڵم
گڕوتینی درۆ و خیانەتی ناخی مرۆڤ
هێندە گەرمە
وا جیهان ئەسوتێنێ
وا سەهۆڵبەندانەکانی سەر زەمین دەشکێنێ
ئێ من چی بکەم نازداری من
من بەرگەی فەنابونی هەست و ڕاستی ناگرم
بۆیە ئەمشەو کۆڵان بە کۆڵانەکانی شەو ئەگەڕێم
تاکو پێش بانگی بەیانی
ڕێیەک بدۆزمەوە
بۆ فەنابون
کە دۆزیمەوە خێرا ئەڕۆمە لای زەردەشت
تا چەند وانەیەکی ڕاستیم فێر کات و
منیش بیانچرپێنم بە گوێی ئەو پاساریانەی
لە فەنابونەوە دەگەڕێنەوە ئامێزی تاڵی واقعێکی سەرابی
تاکو بیانگەیەنن بە تۆ
بە زەوی
بە مرۆڤ
ئەچمە لای نالی و مەحوی
تاکو چەند دێڕێ شیعرم بۆ بنوسن
بە شان و باڵی وەفادا
منیش لە چاوانی ئاسماندا
چاپیان ئەکەم
تاکو هەرکاتێ دڵی پڕ بو
وەفا بەسەر زەوی و ناخی مرۆڤدا ببارێنێ
هەر لەوێ ئەچمە لای مەم و زین و
خەج و سیامەند و
نالی و حەبیبە و
شیرین و فەرهاد
بەڵکو پڕ پڕم کەن لە یادگاریەکانی
عەشقی پاک و نەمریان
منیش ئەو عەشقە ئەکەمە دوعا و نوشتە و
دەیکەمە ئامێزی هەرچی کانی و زەریا و
چەم و ڕوبار و دەریایە
بەشکوم گوڵم
هەر مرۆڤێ
دڵۆپیکی پێ گەشت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە عەشقی پاک و ڕاستی
ئاشنای بکات
بۆیە گیاناە... باش دەزانم
لەم زەمەنی فەنابونی هەستە
جێگای من و ڕاستی و
هەست و عیشق نابێتەوە
باوەشی فەنابون عەیامێکە
واڵایە و....
لەبۆ ڕاستی کراوەتەوە
بۆیە گیانە
نەکەی پەست بی گەر ڕۆیشتم
من دەخوام خۆم فەنا بم
پێش فەنابونی هەستم

هۆڵندا
Kany_awin@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.